سەرۆك کۆمار جەخت لە پێویستی کارکردنی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان دەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازی لە زیاد ئێلچنابی سەرکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان کرد و جەختی لە پێویستی کارکردنی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ دووشەممە 12-2-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کۆمار جەختی لە پێویستی بەدواداچوون بە دەسپێکانی گەندەڵی و کارکردنی جددی لەپێناو سنوردانان بە بەهەدردانی سامانی گشتی کردەوە.

هەروەها گرنگی تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکانی لیژنەکەی دوپاتکردەوە بەشێوەیەك کە بەشداربێت لە بەردەوامیدان بەڕێی چاودێریکردنی کاری وەزارەت و دەزگا و دامەزراوە جیاجیاکان.

سەرۆك کۆمار تیشکی خستەسەر بایەخی کارکردنی لیژنەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان، کە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی باوکردنەوەی بەها و بنەماکانی دەستپاکی و گۆشکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

لەلایەن خۆیەوە، سەرکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان دوپاتیکردەوە، لیژنەکە بەپێی ستراتیژێکی گشتگیر کاردەکات بۆ پاراستنی سامانی گشتی. ئاماژەی بۆشکرد، کە راپێاندنی ئەرکەکانیان بێتەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی کارەکانیان لەمدواییانەدا ئۆیش لەگەڵی ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و

گرتنەبەری ڕەوشەنە یاسایییەکان دژبە گەندەکاران